# پابەندبوون بە ئاکاری ڕۆژنامەوانیی لە هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

## کەناڵەکانی NRT TV و AVA MEDIA بە نموونە

**کاوان عومەر غەفور، یۆهان عوسمان حمە**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان, زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** ئاکار یەکێکە لە پایە گرنگەکانی بواری ڕاگەیاندن بەتایبەتی ئاکاری میدیایی، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بەپێویستمان زانی بزانین تا چەند کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پابەندن بە ئاکاری ڕۆژنامەوانیەوە لەهەواڵەکانیاندا ، وەک دەزانین ڕاگەیاندن ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە ناو کۆمەڵگەکاندا و بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردی کە ئێستا زۆرترین کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی تێدا دەبینرێت، بۆیە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە بزانین کە لە ناونیشانەکەیەوە دیارە ، پابەندبوون بە ئاکاری ڕۆژنامەوانی لەهەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا چۆنە کە کەناڵی NRT و AVA بە نموونە وەرگیراوە، لە کۆتایشدا ڕاسپاردە و پێشنیارەکانمان پێشکەش دەکەین بە ئامانجی چاککردن و بەرەو پێش بردنی کاری میدییان.

لە ڕووی ڕێباز و ڕێکارەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوەوە؛ ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی وەسفیە کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە، توێژەر میتۆدی تێکەڵاوی بەکارهێناوە کە ئەم میتۆدە کاتێک بەکاردەهێندرێت کە توێژینەوەکە لەهەردوو لایەنی چەندێتی و جۆرێتیەوە کاربکات بەمەبەستی بەستنەوەی زانیاریەکان پێکەوە، هەروەها پشت بە ڕێکارەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستراوە، لە نێو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەشدا کە خۆی لەهەواڵەکانی سەعات 8ی کەناڵی NRT و سەعات 7ی کەناڵی AVA MEDIA دەبینێتەوە تاوەک ببنە نموونەی توێژینەوەکەمان.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان بریتین لە:

1.کەناڵەکان پابەندی پرەنسیپەکانی ئاکاری ڕۆژنامەوانی نین لە هەواڵەکانیاندا.

2.کەناڵەکان ڕەچاوی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیان نەکردووە.

3 .کەناڵەکان بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندی جەماوەر.

4 .کەناڵەکان تاڕادەیەک ڕۆڵیان گێڕاوە بۆ پێدانی زانیاری دروست بەڵام ناوزڕاندن و دەرچوون لەبەها کۆمەڵایەتییەکان زۆر دەبیندرێت لەهەواڵەکانیاندا.

5 .چەند بەربەستێک وایکردووە کە کەناڵەکان پابەندی ئاکاری ڕۆژنامەنوسی نەبن لەهەواڵەکانیاندا، لەوانە:

1 .سیاسەتی بەڕێوەبردنی پشتی دەزگایی میدیای کەوایکردووە لەبەرژەوەندی خۆی هەواڵەکان بڵاوکاتەوە.

2 .پەلەکردن بۆ خێرا بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بەمەبەستی ڕکابەریکردن لەگەڵ کەناڵەکانی دیکەدا

3 .نەبوونی کەسانی ئەکادیمی لە نێو دەزگاکاندا.

4. پەیوەستبوون بە خواستەکانی جەماوەر.

**کلیلە ووشەکان-** پابەندبوون، ئاکاری، ڕۆژنامەوانی، هەواڵەکان،کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان،کەناڵی NRT TV، کەناڵی AVA MEDIA.

## پێشەکی:

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەرەو پێشچوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت کەناڵە ئاسمانییەکان بووە هۆی بڵاوبوونەوەی خێرای هەواڵە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەت هەواڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و تاوانکاریەکان و هتد...،

لەم سەردەمەشدا بەشێکی زۆر لە میدیاکان هەواڵ و زانیاری بڵاودەکەنەوە کە هەندێکیان پابەندن بە بنەماکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بەتایبەتی ئاکاری ڕۆژنامەوانیی کە بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە و هەندێکیشیان پابەندنین و لادەدەن لەو پرەنسیپانەی کە دانراون بۆ ئاکاری ڕۆژنامەوانیی کاریگەریەکی زۆر لەسەر جەماوەر دروستدەکەن و وادەکەن متمانەی جەماوەر بە کەناڵەکان و میدیاکان کەمتربێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا بەوردی باس لە ئاکاری ڕۆژنامەوانیی و هەواڵەکان و کەناڵە ئاسمانییەکان دەکەین و ئەو کاریگەرییانەی کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەندێک هەواڵ میدیاکان کە بێ ئاگان لەوەی کە هەواڵ بڵاودەکەنەوە و پابەند نابن بە ئاکارەکان چ کاریگەریەک لەسەر جەماوەر دروستدەکات.

پەیکەری توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و دەرەئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیاز لە چواربەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا، کە میتۆدنامەیە، تێیدا هەریەک لە کێشە و ئامانج و پرسیار و گرنگیەکان و جۆر و میتۆد و کۆمەڵ و مشتەکەی خراوەتەڕوو.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp110-119

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 25 حزيران 2025؛ قُبل في 17 أب 2025؛ نُشرت في 5 أيار 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : yohan.hama@univvsul.edu.iraq, kawan.omar243@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©کاوان عومەر غەفور، یۆهان عوسمان حمە. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەشی دووەم: تیۆرینامەکەیە و تێیدا بە وردی باسی هەواڵ بە گشتی و ئاکاری ڕۆژنامەوانی پرەنسیپەکان و کاریگەریە ئەرێنی و نەرێنیەکانی لەسەر خەڵک کە میدیا دروستی دەکات و هەروەها کەناڵە ئاسمانییەکان بەتایبەت کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی چۆنە بەوردی شیکراوەتەوە.

بەشی سێیەم: کە دوا بەشی توێژینەوەکەیە، لایەنی مەیدانییە و لەڕێی شیکردنەوەی چۆنیەتی و چەندایەتیەوە و ئاستی پابەندبوونی کەناڵەکان بە ئاکار و گرنگیدانیان بە پرەنسیپەکانەوە خراوەتە ڕوو.

لە کۆتایشدا، چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازێک خراونە ڕوو، کە لەئەنجامی شیکردنەوەکانەوە بەدەستهاتوون بەئامانجی پڕۆژە پێشنیازێک بۆ کەناڵەکان لە پێناو پابەندبوونیان بە ئاکارەکانی ڕۆژنامەوانیی چونکە لە ئێستادا خەڵک پشتی زۆر پێدەبەستێت و چاوەڕێی هەواڵە لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

لەبەرئەوەی کەناڵە ئاسمانییەکان بەشێکی گرنگی پیشەیی میدیا و ئامرازێکی کاریگەرن بۆ جەماوەر و کارەکتەرێکی بە ئاگان لەناو کۆمەڵگەدا، زۆرجار لەگەیاندنی هەواڵ و زانیاریەکانیان بەپرسیارێتییە ئاکاریەکانی میدیا و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی وەلادەنێن و پابەند نابن بە ئاکاری میدیاوە، کە ئەمە وادەکات جەماوەر دووربکەوێتەوە لێیان و هەروەها متمانەیان کەمتر و لاوازبێت، توێژەر دەیەوێت وەڵامی چەند پرسیارێک بەدەستبهێنێت کە بریتین لە:-

1. تاچەند کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پابەندن بە ئاکاری ڕۆژنامەوانی لەهەواڵەکانیاندا؟
2. ئایە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕەچاوی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییان کردووە؟
3. تاچەند کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەرژەوەندی خۆیی دەخاتە پێش بەرژەوەندی جەماوەر؟
4. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕۆڵیان گێڕاوە بۆ پێدانی زانیاری دروست بەدەر لە ناوزڕاندن و دەرچوون لەبەهاکۆمەڵایەتییەکان؟
5. بەربەستەکانی بەردەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان چین کەوایکردووە پابەندی ئاکاری میدیایی نەبن؟
6. ئەو دەرهاویشتانە چین لە ئەنجامی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئاکاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دێتە ئاراوە؟

**مەبەست و ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە کە خۆی لە گۆڕاوی سەربەخۆ "هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان" و گۆڕاوی شوێنکەوتە " پابەندبوون بە ئاکار" دەبینێتەوە لە ڕێگەی چەند خاڵێکی دیاریکراوەوە دەستنیشانکراون کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. زانینی ڕادەی پابەندبوون بە ئاکاری ڕۆژنامەوانی لە هەواڵی کەناڵە ئاسمانیەکاندا.
2. دیاریکردنی ئاستی پابەندبوونی کەناڵەکانە بە ئاکاری ڕۆژنامەوانی لە هەواڵەکانیاندا.
3. زانینی هۆکارەکانی بەردەم پابەندنەبوونی کەناڵەکانە بە ئاکاری ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا.
4. دیاریکردنی دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوون بە ئاکاری ڕۆژنامەوانی لەهەواڵی کەناڵە ئاسمانییەکاندا.
5. دامەزراوەکان و چاودێری کەناڵەکان ڕۆڵیان چییە لە پابەندبوونی کەناڵە ئاسمانییەکان بە ئاکاری ڕۆژنامەوانییەوە.

**ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی وەسفیە کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە، توێژەر شیکار لەسەر بنەمای چی وتراوە و چۆن وتراوە کاردەکات، کە ئەم میتۆدە کاتێک بەکاردەهێندرێت کە توێژینەوەکە لەهەردوو لایەنی چەندێتی و جۆرێتیەوە کاربکات بەمەبەستی بەستنەوەی زانیاریەکان پێکەوە، پاشان دەرهێنانی ئەنجامێکی تەواو بۆ هەردوو لایەنەکە، هەروەها پشت بە ڕێکاری شیکاری ناوەڕۆک بەستراوە تا توێژەر بۆی دەرکەوێت تا چەند پابەندبوون بە ئاکاری ڕۆژنامەوانی لەهەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکاندا دەبیندرێت.

**کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە:**

**کۆمەڵی توێژینەوەکە:** هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکانە لە هەرێمی کوردستان، **مشتەی توێژینەوەکە:** بریتییە لە هەواڵەکانی سەعات 8ی کەناڵی NRT TV و سەعات 7ی AVA MEDIA، لەماوەی سێ مانگدا کە لە مانگەکانی( کانوونی دووەم، شوبات، ئازار)ی ساڵی2025پێکهاتوون.

**ئاکاری ڕۆژنامەوانی( ئیتیکی ڕۆژنامەوانی )**

**چەمک و پێناسەی ئاکار( ئیتیک)**

ئاکار(ئیتیک) لەڕووی چەمک و زاراوەوە لە زمانە ڕۆژئاواییەکان چەمکی جیاوازیان بۆ داناوە لە زمانی فەرەنسی(Morale) و لە زمانی ئینگلیزی (Morals)و بەزمانی ئەڵمانی (Moral ) هاتووە، بەڵام بنەڕەتی وشەکە لە(Ethica) ی لاتینیەوە وەرگیراوە بە فەرەنسی (Ethique)و لە ئینگلیزیدا بە (Ethics) و لە ئەڵمانی (Ethik) و ئیتاڵی (Ethica)هاتووە.

لەڕووی زمانەوانییەوە، ئاکار(ئیتیک) لەبنەڕەتدا لە وشەی(Etos)ی یۆنانییەوە هاتووە، واتە نەریت و ئاداب، ئەگەر بشمانەوێت لە ڕووی زاراواییەوە، چەمکەکە بناسێنین، (سەرباری ئەوەی یەکێکە لە ئاڵۆزترین چەمکەکانی ناو زانستە مرۆییەکان و دۆزینەوەی پێناسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە و شیاو بۆی، کەهەمووان، یان لانی کەم زۆرینە لەسەری کۆک بن، کارێکە ئەستەم دەبێت)، وەک ئەوەی زۆر لەسەرچاوە زانستیەکان جەختیان لەسەرکردۆتەوە، دەتوانین بڵێین: ئاکار، شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاری مرۆیی، ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ هەڵاوێردن، لەماڵەوە لەگەڵ خێزان، هەروا مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک، لە کارکردن، لە سیاسەت، لە زانست و لە شوێنە گشتییەکان، دسپلین و ڕێکدەخات.

دۆزینەوە و دانانی پێناسەیەکی چڕ و پڕ بۆ ئیتیک هەندە ئاسان و بەردەست و ئامادەنییە، بەڵام بە گشتی ئاکار پەیوەستە بە دروست و چاکە و باشی، کەواتە ڕەفتاری ڕێک لەگەڵ دروستی و چاکە واتە ئاکار، کە کۆمەڵە بەهایەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەم بەهایانە بڕیاری دروستی یا هەڵەبوونی شتێک دەدەیت.

لەزمانی کوردیدا (ئاکاری)ی بەرامبەر بۆ داندراوە، زۆرجار ئیتیکیس بۆ هەمان ووشە دەگوترێ، زانستی ئیتیک بەشێکە لە فەلسەفە و، هەوڵدەدات وەڵامی هەندێک پرسیار بداتەوە وەک:' شتی باش چیە؟' مرۆڤ چی بکات؟' بەڵام، بەشێوەیەکی ڕوونتر، چەند ڕێسایەک هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ چۆن بەباشترین شێوە هەڵسوکەوت بکات.

**ئاکاری ڕۆژنامەوانی:**

وەک سەرچاوە زانستییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئیتیکی ڕاگەیاندن کۆمەڵێ بەها و بنەمای ئاکاری و ڕەفتارین، ڕاگەیاندکار لەمیانەی پەیڕەوکردنی کارەکەیدا پێیانەوە پابەند دەبێت، وەک ئەوەی هەمووان لە دامەزراوەی ڕاگەیاندندا پێیەوە پابەند دەبن، ئەم ئیتیکە خۆی لەو بەها گشتی و نەریت و هەڵسوکەوتانەدا دەبینێتەوە کە هەندێکیان گشتی و هاوبەشن، وەک بەهاکانی (ڕاستگۆیی، پاکێتی و هاوسەنگی)، هەندێکیشیان تایبەتن بە کۆمەڵ و دامەزراوەکان.

ئاکار (ئیتیک)ی کاری ڕۆژنامەوانی بریتییە لە ئاکارە پەیوەندیدارەکان بە پیشەی کاری ڕۆژنامەوانی و میدیایی بە هەموو ڕەنگ و جۆرەکانییەوە، کە تەواوی ئەرک و ماف و سروشتی کاری ڕۆژنامەوان و میدیاکاران لەخۆدەگرێت، بەواتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین کۆمەڵە ڕێسا و بنەمایەکە کار لە پێناو خوڵقاندنی هاوسەنگی لە نێوان ماف و سروشتی کاری میدیایی، و بەرپرسیارییەتی میدیا بەرامبەر کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گستیەکان دەکات، بۆیە گرنگی و تایبەتمەندییەکی بەرچاوی هەیە شان بە شانی یاساکان لە ڕێکخستنی کاری میدیایی، بەتایبەت لەو کۆمەڵگا و سیستەمە سیاسییانەی ڕۆژنامەگەری تیایاندا ئازادە و مافی بەدەستهێنانی زانیاری بە پراکتیک چەسپا و بەرجەستەیە.

ئیتیکی ڕۆژنامەوانی پەیڕەوکردنێکی خودییە، سەرەڕای ئەوەی یاساکان سەپاندویانن، بەڵام یەکەم و دواجار قەناعەتێکە لەسەر بنەمای ئەو پەیڕەوکردنە دەوەستێ، لەبەرئەوەی دەرگاکانی کاری ڕۆژنامەوانی بەڕووی بارەکانیدا بەبێ سنوور کراوەن، هەواڵنێر، ئیدیتۆر، هەڵەچن و فەرمانبەری پەیوەندییە گشتیەکان و جیا لەوانیش، لەماوە زۆرەکانی ڕۆژ یان شەودا سانسۆریان بەسەرەوە نییە، لەبەرئەوەی کاری ڕۆژنامەوانی پێکەوە گرێدراوە، هەندێ جاریش دەوترێ ڕۆژەکەی 25سەعاتە لە 24سەعاتدا.

**بنەماکانی ئاکاری میدیا:**

بنەما و پرەنسیپی ئەخلاقی پیشەیی ڕۆژنامەنووسی هەندێکیان خودی (زاتی)ین و پێویستە ڕۆژنامەنووس خاوەن ویژدانێکی زیندوو بێ و پەیڕەویان بکات، بەشەکەی دیکەشیان لەلایەن کۆمیسیۆن سەندیکاکانی تایبەت بەکاری ڕۆژنامەوانیی و ڕاگەیاندن ئامادەکراون و نووسراونەتەوە، لەو پێناوەشدا چەندین کۆنگرە و کۆنفرانس لەو ڕووە ڕێکخراون، کە دواجار دروستبوون و لەدایکبوونی ژمارەیەک بەڵگەنامە و پێوەری کاری ڕۆژنامەنوسی لێکەوتۆتەوە، کە بە بنەما و پرەسیپەکانی ئاکار ناسراون، ساڵانە لە سەرانسەری جیهاندا ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێران، ڕووبەڕووی هەڕەشە و لێدان و کوشتن دەبنەوە، زۆرجاریش تۆمەتبار دەکرێن بە پەیڕەو نەکردنی بنەماکانی ئاکاری پیشەیی ڕۆژنامەنووسیی، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی میدیا بەدوورین لەهەر گلەیی و گازندەیەک، یاخود هەڕەشەیەک، بۆیە پەیڕەوکردنی پرەنسیپە سەرەکی و گرنگەکانی ئاکاری میدیا، پێویستییەکی هەمیشەییە چەند بنەمایەک هەن بریتین لە:-

**1. بەرپرسیارێتی:** میدیاکار دەبێت بەرپرسیارێتی ڕاستی هەواڵەکەی بگرێت ئەستۆ بەو مانایەی کە ڕێگەپێدراوە و ناکرێت هیچ هەواڵێک بگوازرێتەوە بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی وردی نەکردبێ و پابەندنەبووبێ بە ڕاستی و زانیاریەکان و سەرچاوەکانیان.

**2.ڕاستگۆیی و وردبینی:** ڕاستی بریتییە لە کۆکردنەوە و گواستنەوەی زانیاری، ڕوماڵکردنی ڕووداوەکان، نوسین و سازاندن (تحرير) و پەخش و بڵاوکردنەوەی مەتریاڵە میدیاییەکان بە شێوەیەکی بابەتی و هاوسەنگ و ورد و ڕاست و دروست، ئەم پێناسەیەی سەرەوەش مانای کۆکردنەوەی زیاد لە بنەمایەکە لە نێو بنەمایەکی دیاریکراودا، سەرباری ئەوەی بریتییە لە ڕەچاوکردنی ڕاستی و دروستی، بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی بابەتیبوون، هاوسانگی و وردی دیتە دی، ئەمەش هەستیاریی بنەماکە و بایەخەکەی لەیەک کاتدا لەکایەی ڕاگەیاندندا پیشاندەدات.

**3.دەستپاکی:** نابێت بەهیچ شێوەیەک، دەست بەسەر ماددەی ڕاگەیاندنی کەسانی دیکەدا بگیرێت، چونکە ئەمە دزییە و کارێکی نائاکارییە، جگە لە ڕێکارە زانستی و ئەکادیمییەکان، نابێت بەهیچ شێوەیەک دەست بۆ بەرهەمی کەسی دیکە ببرێت، دەبێت هەمیشە سەرچاوەی هەواڵەکانی ئاماژەپێکراو بێت، بە ڕاستەوخۆ یان بەکۆد.

دەستپاکی زۆر پێویستە ئەگەر ڕۆژنامەنووس بیەوێت بە وردی لێکۆڵینەوە لە پرسەکان بکات، بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بدۆزێتەوە، ڕۆژنامەنوسێک کە دەستپاکی هەبێت، ناتواندرێت بکڕدرێت، یان کاریگەری لەسەر بێت، ڕۆژنامەنووسی دەستپاک دەستکەوت و بەرتیل و بەڵێن قبوڵ ناکەن، ئەوان ئازادن لەهەر زنجیرێک کە بتوانێت ڕێگریان لێ بکات و دەتوانن لە شوێنە تاریکەکاندا ڕووناکیەک بدرەوشێننەوە، لەو شوێنەی کە ئەوانی دیکە ناتوانن بیکەن، ئەمان هەڵدەکەن و لێپرسینەوە لە بەهێزەکان دەکەن.

**4.بابەتیبوون:** دەستەواژەی "بابەتیبوون" لە بنەڕەتدا بۆ وەسفکردنی ڕێبازێک یان شێوازێکی ڕۆژنامەوانی بەکارهاتووە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان بەدوای خستنەڕووی هەواڵەکانەوە بن بەشێوەیەکی بابەتیانە، کە ڕەنگدانەوەی لایەنگری خودی ڕۆژنامەنووسەکە یان ئەو دامەزراوەیەی کە خاوەنی دەزگا ڕاگەیاندنەکەیە، نەبێت.

**5.یەکسانی:** یەکێکە لەبنەما ڕەسەنەکانی ئاکاری کاری میدیایی، دەبێت ڕۆژنامەنووس لەکاتی ڕوماڵکردن و گواستنەوە و یەکلاکردنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا ڕەچاوی دادپەروەری و یەکسانی بکات بە شێواز و زمانێکی ئەوتۆ بڵاویان بکاتەوە،کە سەرنجی خوێنەر کێش بکات، هاوکات تاوان و کاری دزێو بەتایبەت (تاوانە سێکسییەکان و تیرۆر و تۆقاندن) بەشێوە و زمانێکی ئەوتۆ بخاتەڕوو، کە ئەنجامدانی کاری تاوانکاری لای خوێنەر ناشرین بکات، وە ڕەچاوکردنی پێوەری دادپەروەری بۆ تەواوی ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان پێویستە.

**6.بێلایەنی:** دەستەواژەی (بێلایەنی) بەو واتایەیە کە بڵاوکردنەوەی بابەتی میدیایی بەتایبەت هەواڵ بەهەموو بێلایەنییەک و بەبێ دەستێوەردان لایەنگیریکردن پەیامە میدیاییەکە بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش وادەکات هەندێک کاری میدیا بەکاری ڕەنگدانەوەی بچوێندرێت، بەو پێیە میدیاکان ئەم ڕووداو و ڕاستی و هەواڵانە دەگوازنەوە لە ڕەنگدانەوەیان هەیە، کە لە جیهاندا ڕوودەدەن و بۆچوونەکان لەسەر پرسە ناکۆکەکانی نێوان خەڵک و گەلان بەبێ دەستێوەردان لە ڕێگەی یەکێک لە ئامرازەکانی میدیاوە دەگوازنەوە.

میدیا یاریزانێکی گرنگە لەسەر شانۆیی سیاسی، زۆرجار لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە ڕۆژنامەنووسان دەترسێنرێن، چونکە سەرکەوتوو بوون لە ئاشکراکردنی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و خراپ بەکارهێنانی جۆراوجۆر، ئەگەر سیاسەتەکان گۆڕدراون و چاکسازی دەستپێکردووە و سیاسەتمەدار و بەرپرسە گەندەڵەکان لە پۆستەکانیان دورخراونەتەوە، بەشێکیان بەهۆی ئاشکراکردنی میدیاکانەوە بووە.

**7.نهێنیپارێزی:** ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە کە گرنگی سەرچاوەی هەواڵەکان دیاریدەکات لە بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر و پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، بۆیە بەرپرسیارێتی ڕاگەیاندن داوادەکات ڕێز لە سەرچاوەی زانیاریەکان بگیرێت، ڕۆژنامەنووس تەنها ئامانجی بەدەستهێنانی هەواڵەکەی نییە بە هەر ڕێگەیەک بێت، بەڵام شێوازی بەدەستهێنانی هەواڵەکە پێگەی ئەو لە ئاستی نهێنیپارێزی دیاریدەکات، ئایە سەرچاوەکانی و کوالێتییان و هەتا چی ڕادەیەک بەهێزن، ڕەنگە ڕۆژنامەنووس یان

پەیامنێر هەواڵێک لەدەست بدات کە دەیتوانی بەدەستیبهێنێت، بەڵام ئەوە کۆتایی ڕۆژنیە هەتا ئەوکاتەی سەرچاوەکەی ڕێگەی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەی نەداوە، پاراستنی سەرچاوەکان زۆر گرنگە و چەند سەرچاوە زیاتربێت، بازنەی ڕۆژنامەنووس فراوانتر دەبێت و دەرفەتی زیاتر دەبێت بۆ ئەوەی لەپێش هەواڵ و بابەتەکان بێت، بەڵام پاراستنی نهێنی سەرچاوەی زانیاری و هەواڵی ڕۆژنامەوانی ئەرکێکی یاسایی و پیشەیی و ئاکارییە، کە دەبێت ڕۆژنامەنووس پابەند بێت پێیەوە لە هەموو بارودۆخ و هەلومەرجێکدا.

**8.ڕێزگرتن لە کۆمەڵگا:** ڕۆژنامەوان خاوەنی کەسایەتی و تایبەتمەندیی خۆیەتی و لە جێبەجێکردنی پیشەکەیدا، ڕێزی دید و بۆچوون و ئاراستەی بیرکردنەوەی ئاینی، سیاسی، نەتەوەیی، ڕەگەزیی و نەژادی ، ....هتد دەگرێت و بەچاوی سووک و بێبەها سەیریان ناکات، هەروەکو دەبێت لەکاتی کارکردنیشدا نەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە و ڕاستی زانیارییەکان نەشێوێنێت، بەردەوامیش لەهەوڵی فراوانکردنی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ڕزگاری نەتەوەیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بەها مرۆییەکاندایە، هەروەها دژی هەموو جۆرە هاندان و لایەنگرییەکی توندوتیژی و هەڕەشە و پەلاماری خوێناوییە و خۆی بەدووردەگرێت.

## دووەم: هەواڵ

### چەمک و پێناسەی هەواڵ

زاراوەی (هەواڵ) لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەرە بە وشەی (News)ەوە لەوشەی (new)ە وەرگیراوە کە واتای تازە دەگەیەنێت، واتە هەواڵەکە کاتی بەسەر نەچووبێ، ئەمەش ئەو تایبەتمەندییەی هەواڵە کە لەنوسینەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە.

نیل ماکنیل کە وەک یاریدەدەری سەرنوسەری کاروباری دەرەوە لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز کاری کردووە، لەو باوەڕەدایە، هەواڵ کۆکردنەوەی ڕاستییەکانە لەسەر ئەو ڕووداوە هەنووکەییانەی جێگەی گرنگیپێدانی بینەر و خوێنەرن و دواتر لە ڕۆژنامەکان چاپدەکرێن.

ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی وردی هەواڵ بکەین ، ئەوا هەواڵ بریتییە لە وەسفکردنی ڕووداوێک بەشێوەیەکی وورد و بێلایەن کە بۆ یەکەمجارە بەر گوێ و چاوی خەڵک دەکەوێت لەلایەن ئامرازەکانی میدیاوە، بەهەموو جۆرە جیاوازەکانی (چاپکراو، بیستراو، بینراو)، کە شیکردنەوەیەکی بابەتیانە بۆ ڕووداوەکە دەکرێت و جێگەی گرنگیپێدانی جەماوەر بێت بەهەموو جۆرەکانی (خوێنەر، بینەر، بیسەر)ەوە و لەبەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان بەشدار دەبێت.

### پێکهاتەی هەواڵ

هەواڵی میدیایی لەڕووی قەبارەوە کورتە، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی پیشەییانە دابڕێژرێت و ناوەڕۆکەکەی بەتەواوی گوزارشت لەو پەیامە بکات، کەمەبەستە بگەیەندرێتە جەماوەری وەرگر بەشێوەیەکی باش، بۆیە پێویستە هەر هەواڵسازێک بەر لەدەستپێکردنی کاری هەواڵنووسین، بەشێوەیەکی ڕاست و پیشەییانە لەسەر داڕشتنی هەواڵ ڕابهێندرێت و بەو شێوەیە هەواڵ دابڕێژێت، کە نوسینەکەی سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت و وای لێبکات تا کۆتایی لەخوێندنەوەی هەواڵەکە یان گوێگرتن لێی بەردەوامبێت، مەرجیش نییە تەنیا پەیامی مەبەستدار لەڕێگەی تێکستی نوسراوەوە بگەیەندرێت، بەڵکو زۆرجار ژمارەیەک فۆرمی دیکەی وەک: وێنە، ڤیدیۆ، گرافیک لەگەڵ هەواڵەکەدا بڵاودەکرێنەوە، بەمەش ناوەڕۆکەکە بەهێزتر و متمانەپێکراوتر دەبێت.جاری واش هەیە، وێنە یان ڤیدیۆ یاخود گرافیک بەتەنیاش توانای گەیاندنی پەیامە مەبەستدارەکەی هەیە.

پێکهاتەی هەواڵ لەچەند بەشێک پێک دێت لەوانە:-

**1.دەقی هەواڵ:** دوای کۆکردنەوەی زانیاری قۆناغی داڕشتنی هەواڵ دەستپێدەکات و پێویستە ئەوکەسەی هەواڵ دادەڕێژێت، بەر لە دەستپێکردنی لەبارەی چۆنیەتی داڕشتنییەوە بزانێت، هەواڵیش لەچەند بەشێک پێک دێت ئەوانیش.

**2.ناونیشانی هەواڵ:** ناونیشانی هەواڵ، ئەو ڕستەیەیە، کەلەسەروی هەواڵەوەیە و بەگشتی لەلایەن هەواڵساز،یاخود سەرنوسەر دەنوسرێت، چەندین ئەرک جێبەجێ دەکات لەوانەش: ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، کورتکردنەوەی بابەتە هەواڵییەکە و پێویستە تابکرێت بە کورتترین وشە و کورتترین ڕستە دابڕێژرێت، بەڵام بەو شێوەیەی ئارەزووی خوێنەر تێربکات و وێنەیەکی هزری سەرەتایی لەبارەی ناوەڕۆکی بابەتەکە لای خوێنەر دروستبکات، بۆ ئەوەی تا دواین وشە بخوێندرێتەوە.

ناونیشانی هەواڵ لەڕووی بابەتەوە چەندین جۆری جیاوازی هەیە، گرنگترینیان.

1.**ناونیشانی پوختکراوە:** بریتیە لەو ناونیشانەی کە هەواڵساز، پوختەیەکی پڕ مانای هەواڵەکە دەکاتە ناونیشان، کە وەڵامی یەکێک لە شەش پرسیارەکە وەربگرێت.

**2.ناونیشانی وەسفی:** بریتیە لەو ناونیشانەی، جەخت لەسەر ڕەگەزی وەسفکردن دەکات، واتە وەسفێکی وردی بابەتی هەواڵەکە دەکات.

3.**ناونیشانی قسەی وەرگیراو:** وەرگرتنی دێڕێک لە وتە، یان وسەی کارەکتەرێکی ناو هەواڵەکە، کەبەلای خوێنەر گرنگی هەبێت و بایەخی بۆی هەبێت.

**4.ناونیشانی پرسیاری:** مەبەست لێی دانانی ناونیشانە بەشێوەی پرسیاری، کە ئامانج لێی جوڵاندنی هەستی خوێنەرە، تاوەکو هانی بدات لەڕێگەی خوێندنەوەی لاشەی هەواڵەکە، وەڵامەکەی وەرگرێت.

**5.ناونیشانی بۆمبی:** ئەو ناونیشانەیە، کە بە گوژمەیەکی بەهێز و ئاگادار دەستپێدەکات، ئامانج لێی وەرگێڕانی سەرنج و ئاگایی خوێنەرە بەلای خۆیدا.

**6.ناونیشانی ڕوشنایی:** ئەو ناونیشانەیە، کە داتا و ژمارە و زانیاری ورد لە خۆدەگرێت و تیشکییان دەخاتە سەر.

**7.ناونیشانی چێژبەخش:** ئەو ناونیشانەیە، کە جەخت لەسەر برگەی کاریگەر، یاخود گوزارشتی خۆشئامێز لەبابەتی هەواڵەکە دەکات.

**1.پێشەکی(لیدی هەواڵ):** هەواڵی میدیایی گوتار و چیرۆک نییە بۆ ئەوەی تا کاتێکی دواتر دوابخرێت، بەڵکو ماددەیەلە وەرگرەکەی زۆر بەپەرۆشە بۆ ئەوەی بەزووترین کات لەبارەی وردەکارییەکانیەوە بزانێت، پێشەکی ئەو شوێنەیە کە پێویستە خوێنەر وەڵامەکانی هەر پێنج پرسیارە باوەکانی هەواڵی دەستکەوێت، ئەوانیش:(چی، بۆچی، کێ، چۆن، لەکوێ؟)، وەڵامی پرسیاری چی؟ پەیوەندی بە جۆری ڕووداوەکەوە هەیە، بۆچی؟ پەیوەستە بە پاڵنەر و هۆکارەکانی پشت ڕووداوەکە، هەرچی کێ؟ ئەوا تایبەتە بە کارەکانی ناو ڕووداوەکە، لەکوێ؟ شوێنی ڕووداوەکە نیشاندەدات، چۆن؟ میکانیزمی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە.

**2.ناوەڕۆکی هەواڵ:** ئێرە ئەو شوێنەیە کە وردەکارییەکانی پەیوەست بە ڕووداوی هەواڵەکە تێیدا دەخرێنەڕوو، وەک ناوهێنانی شاهێدحاڵەکان و ئەو سەرچاوانەی پشتیان پێ بەستراوە، هەروەها ئەو شوێنەیە کە گوتە وەرگیراوەکان تێیدا دەگوازرێتەوە، ئەمەش ڕاستگۆیی هەواڵەکە بەهێزتر دەکات و سەرنجی خوێنەر بۆ ڕووداوەکە زیاتر دەکات ، پێویستە هەواڵی میدیایی بە دواین ئەو زانیارییانە کۆتایی بهێنرێت، کە واتایی ناوەڕۆکی هەواڵەکە تەواودەکەن.

**3.وێنەی هەواڵ:** وێنە دڵنیاییەکی زیاتر بە ناوەڕۆکی هەواڵ دەدات، بەتایبەت کاتێک وێنەی ڕووداوەکە هاوپێچ دەکرێت، دەتوانرێت بەچەند وشەیەکی کەم گوزارشت لەڕاستی ڕووداوەکە بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی وێنە هەواڵ دەبێتە پاڵپشتی بەهێزکردن و متمانەپێکردنی ڕووداوی هەواڵەکە و واتای ناوەڕۆکەکەی تەواودەکات، جۆرەکانی وێنە هەواڵێش بەپێی چەند پێوەرێک جیادەکرێنەوە، ئەوانیش.

**1.وێنەی کاتی ڕووداو:** بەهێزترین جۆری وێنەیە بۆ ڕاستکۆیی و متمانپێکردن بە ناوەڕۆکی هەواڵ.

**2.وێنەی شوێن و کەسانی پەیوەندیدار دوای ڕووداو:**جۆرێکی دیککەی بەهێزی وێنە هەواڵە و ناوەڕۆکی هەواڵەکە پشتڕاستدەکاتەوە، بەڵام وردەکاریەکان دوای کۆتاییهاتنی ڕوداوەکە نیشاندەدات.

**3.وێنەی کەسی:** وەک وێنەی بەرپرس، گوتەبێژ و کەسانی سەرپشک کراو بۆ قسەکردن لەسەر ڕووداوە هەواڵەکە، زۆربەی جار لەگەڵ دەقی لێدوان یانیش کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی، یاخود ڕاستەوخۆ دوای ڕووداوەکە بەکاردەهێندرێت. جا چ وێنەی کاتی ڕووداوەکە بێت یانیش دواتر.

**4.وێنەی ئەرشیف:** هێزێکی کەمتری لە جۆرەکانی دیکەی وێنە هەواڵ هەیە، چونکە بەهۆی دەستپێڕانەگەیشتن و نەبوونی وێنەی ڕووداوەکە، پەنا بۆ ئەوجۆرە وێنە هەواڵانە دەبرێت.

**4.ڤیدیۆی هەواڵ:** لەگەڵ دەرکەوتنی تەکنەلۆژیا و میدیایی ئەلیکترۆنی، ڤیدیۆ هەواڵیش وەچەرخانێکی نوێی بەخۆیەوە بینیوە و ووردتر و دوورتر لەو ڤیدیۆ هەواڵانە دەڕوانێت، کە پێشتر بۆ تەلەفیزیۆن ئامادە دەکرا و دەکرێت ڤیدیۆ بەتەنیا لەگەڵ مانشێتێک چیرۆکێکی تەواو بگێڕێتەوە.

**5.گرافیکی هەواڵ:** گرافیک بەیەکێک لە گرنگترین فۆرم و ئامرازە بەکارهاتووەکان لەگەڵ هەواڵی میدیایی دادەنرێت، کار لەسەر گواستنەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ورد و ڕوون بۆ وەرگر دەکات و لەشێوەی وێناکردنی بیرۆکەکان دیزاین دەکرێت، بەشێوەیەک کە کاریگەری لەسەر بینایی وەرگر دروست دەکات، دواتریش یارمەتی وەرگر دەدات بە وردی لە ڕووداوە کاریگەرەکان تێبگات، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گرافیک ڕوونکردنەوە و سادەکردنی زانیاریە ئاڵۆزەکانە، بەشێوەیەک دیزاین دەکرێت کە لەتوانایدایە زۆرترین زانیاری لە وێنەیەکی بچووک و سادەدا بخاتەڕوو. جگە لەمەش بواری ئەوەی تیایە کە گرافیک دیزاینەرەکە لەکاتی دیزاینکردن، بەهای سەرنجڕاکێشی لەبەرچاو بگرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەدا بەکارهێنەر بێزار نەبێت.

**بەها و تایبەتمەندییەکانی هەواڵ:**

ڕۆژانە هەریەکەمان بەر هەواڵی جۆراوجۆر دەکەوین لە کەناڵە جیاوازەکانەوە جا گەر وردبینەوە هیچ کامێکمان، بەبێ هەواڵ ناژین و وەک پێداویستییەکی ژیانمانی لێ هاتووە، وای لێکردووین بڕیارە چارەنووسسازەکانی ژیانمان بەپێی هەواڵەکان بدەین، لێرەدا ئاماژە بەچەند بەهایەکی هەواڵ دەدەین کە گرنگی هەواڵمان بۆ ڕووندەکاتەوە.

**١.هەنووکەیی، ئێستا:** ئێستایی، یان نوێیی، لەهەواڵدا مانای وایە پێویستە هەواڵ تازەبێت، وەک گریکۆری لەکتێبێکدا بەناوی (What's the news) دەڵێت هەواڵ خێراترین کەرەستەیە، کە تووشی تێکچوون و بەسەرچوون دەبێت، هەر هەواڵێکی نوێ، نوێیەکەی لەدەست بدات بەهاکەشی لەدەستدەدات، ئەگەر بێتو پێش ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی تر بڵاویکردبێتەوە، لەلایەکی ترەوە، زۆرجار لەناوەندی هەواڵ دەوترێت:"" هەواڵی دوێنێ هی ئەمڕۆ نیە، هەر سەبارەت بە ڕەگەزی نوێیی یان هەنوکەیی، لە بنەڕەتدا ووشەی ڕۆژنامەگەری لە ووشەی ڕۆژانەوە هاتووە، ئەویش ئاماژەیە بۆ کاروباری ڕۆژانە، یان ڕوداوی ڕۆژانە، کە لەووشەی ڕۆژنامەگەری (Journalist)، کە ووشەیەکی ئینگلیزیە و ئەویش لە ووشەی(Diurnalis)ی لاتینەوە وەرگیراوە، یانی(Daily) واتە ڕۆژانە، بەوپێیە گەر لە ڕۆژنامەگەری بڕوانین، بریتیە لە ڕاپۆرتی ڕۆژانەی ڕوداوەکان.

**٢.نزیکی شوێنی ڕووداو:** بەهای نزیکی یەکێکە لەو بەهایانەی کە لەزۆربەی ڕاگەیاندنەکاندا گرنگی تایبەتی پێدەدرێت، چونکە زیاتر کاردەکاتە سەر هەست و سۆزی بەرامبەر و مەبەستمان لێی ڕادەی نزیکی جەماوەرە لەکەس و شوێن و بابەت و لەو دۆزانەی کە لەهەواڵدا باسکراون، واتە ئەو شتانەی کە نزیکن لە جەماوەر جا یەگەر نزیکی جوگرافی بێت یان سۆزداری، بێگومان بایەخی ئەو هەواڵە لەگەڵ زیاتر نزیکیدا زۆرتر دەبێت واتە چەند لەو ڕووداوە نزیکتربێت لەهەر دوو ڕووەکەوە ئەوەندە پڕبایەختر دەبێت، بەوپێیە شوێنێکی بەرچاوتر لەپێشتر داگیردەکات لەڕیزبەندی هەواڵەکانی هەواڵنامەکە.

بەهای نزیکی واتە چەند هەواڵێک نزیک لەماڵ بۆیە هەواڵی مردنی چوارکەس لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل لەگەڕەکەکەی ئێوە و نزیکی ماڵی ئێوە زۆر گرنگترە لەهەواڵی مردنی کەسانی تر لەوڵاتێکی تر بۆنموونە مردنی چەند کەسێک لە وڵاتی سۆماڵ.

**٣.نامۆیی:** سەیر یەکێکە لەو پێکهاتە گرنگانەی کە هەواڵنووس پشتی پێدەبەستێت، چونکە جێگەی بایەخ پێدانی خەڵکە، بەگشتی هەواڵی نامۆ و سەیر و سەمەرە بەتەواوی کۆنترۆڵی خەڵک دەکات، چونکە لایان جێگەی سەرسوڕمانە.

هەواڵ بریتییە لەشتێکی سەیر و سەرنجڕاکێش یان نا ئاسایی، ڕەنگە ئەم بەهایەی هەواڵ لەهەموو بەهاکانی تری هەواڵ زیاتر ڕووبەڕوی ڕەخنە بێتەوە، جەیمس ڕستۆن، ئەم کێشەیەی بە کورتی خستۆتە ڕوو دەڵێت: ئێمە شەیدای خودی ڕووداوەکانین نەک ئەوانەی دەبنە هۆی ڕووداوەکان.

**٤. گرنگی:** دەکرێت بەهای گرنگی بەوە لێکبدرێتەوە، کە یەک هەواڵی بە تەنها هەڵگری مانایەکی زۆر بێت و زۆرترین زانیاری یان توخم لەخۆبگرێت و هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە ئەو هەواڵەی بڵاودەکرێتەوە جێگەی گرنگیپێدانی زۆرترین جەماوەرە و زانیاریەکان سەبارەت بە ڕووداوەکە لای جەماوەر دەگدانەوەیەکی زیاتر لەهەواڵەکانی دیکەی دەبێت، بۆیە گرنگی بەوە لێکدەدرێتەوە کە کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا دێت و جەماوەر فیدباکی دەبێت.

**. ناوبانگ:** هەواڵی پەیوەندیدار بەکەسایەتی بەناوبانگ، بەلای جەماوەرەوە گرنگی تایبەتی هەیە، ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەستە بە سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و میوزیکژەن و گۆرانیبێژ و ئەستێرەکانی سینەما و وەرزشکارە بەناوبانگەکان، تەنانەت بە کارەکتەرە نێگەتیڤەکانیش، کە ناسراون وەک بکوژ و مافیا و تاوانکاران، بەلای وەرگرەوە بایەخدارن و خەڵک ئارەزووی دەکات لەژیانی ڕۆژانەیان و گرفت و داهێنان و هەڵسوکەتەکانیان ئاگاداربێت.

بۆیە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەوڵدەدەن ڕووداوی پەیوەندیدار بەکەسایەتی بەناوبانگ ئاشکرابکەن و بەدوایدا بگەڕێن تا بڵاویبکەنەوە، تەنانەت زۆرجار ڕۆژنامەکان هەواڵی لەو جۆرە زۆر بەگرنگ دادەنێن و وەک هەواڵێکی کاریگەر، لەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانیان بڵاودەکەنەوە، کە دیارە لە ڕابردوودا خوێندنەوە بۆ ئەم جۆرە هەواڵانە کراون و کاریگەری گەورەی هەبووە کە وایکردووە، ئەو ڕۆژنامانە پڕ فرۆشترین لە ڕۆژنامەکانی دیکە.

**6. ململانێ:** ئەو هەواڵانەی باس لە ململانێ و پێکدادانی نێوان کەسەکان، گروپەکان، لایەنەکان دەکەن، جا ئەو پێکدادانە بەشێوەی فیزیکی یان ئایدۆلۆژی بێت، بەڕای بەشێک لە شارەزایان ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سروشت وەک (بومەلەرزە، لافاو، ئاگرکەوتنەوە، هتد..) دەچێتە قاڵبی ئەم بەهایەوە.

7. **وروژاندن:** مەبەست لە وروژاندن لە هەواڵدا، ئاماژەیەکە، بۆ ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی، کە لە هەندێ ڕووداودا هەن، کە لەڕادەبەدەر سەرنجی وەرگر ڕادەکێشن و ئاڕاستەی هەست و نەستی وەرگر دەکرێن، بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی، کە پەیوەندییان بە تاوان و سێکس و کاری ئابڕووبەرانەوە هەیە، نموونەی تاوان و ڕووداوی سیاسی و ئابوری و پارەوپول و هەندێ ڕووداوی تری کۆمەڵایەتی کە سیمای وروژاندنیان هەڵگرتووە.

8. **پێشبینی:** گرنگی هەواڵ بەشێوەیەکی سەرەکی لەو کاریگەرییەدا دەردەکەوێت، کە لەبارەی ڕووداوەکانەوە کۆمەڵێک پرسیار لە مێشکی خوێنەر یان گوێگردا دەوروژێنێت سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی ئەم هەواڵە چ لەسەر ئاستی تاک یان کۆمەڵ، کە زۆرجار لەگەڵ هەواڵەکاندا بەر لە دەرچوونی ئەنجامی ڕووداوەکان، پێشبینی کەسانی پەیوەندیدار بۆ جەماوەر بگوازێتەوە، یانیش زۆرجار تەنها بە خستنەڕووی زانیاریەکانی ناو هەواڵ، خودی وەرگر خۆی پێشبینی ڕووداوەکان دەکات، ئەگەرچی هەندێکجار پێشبینیەکان ناڕاست دەردەچن لۆژیکی بوونی ئەو پێشبینییانە بەشێوەیەکی ڕێژەییە.

**9. قەبارەی گەورە و فرەیی:** مەبەست لەبەهای گەورە و فراوانی. واتە هەرچەند ڕووداوی هەواڵەکە گەورەتربێت، ئەوەندە باشترە و لێرە مەبەست لە گەورەیی بۆ زیادەڕەری نییە، بەڵکو ڕووداوەکە بەشێوەیەک گەورەیە جێگەی گرنگیپێدانی ژمارەیەکی زۆری جەماوەرە و بەرژەوەندییەکانی گەورەترین قەبارەیی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت.

10. **دەستەبژێری:** دەستەبژێری سیاسی، ئابووری، و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەدا جێگەی زۆرترین گرنگیپێدانی ئامرازە میدیاییەکانی هەواڵن، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو توێژەر لەسەر ئاستێکی زۆر فروانی جەماوەر ناسراون و هەواڵی ڕووداوەکانیان بۆ جەماوەرێکی زۆر فراوان گرنگن.

## کاریگەری پەیامی کەناڵە ئاسمانییەکان:

کەناڵە ئاسمانییەکان یەکێکن لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری، لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە پەیامەکانی پەخش و بڵاودەکاتەوە، جەماوەرەکەشی لە ئاستێکی ڕۆشنبیری و ئابوری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و جۆراوجۆر و فراواندان، واتە خاوەنی زۆرترین جەماوەرە بەبەراورد لەگەڵ ئامڕازەکانی تری ڕاگەیاندنی جەماوەری، هەروەها بە کاریگەرترین ئامڕاز دادەنرێت لە ئاڕاستەکردنی جەماوەر بەبەراورد بە ئامڕازەکانی تر کە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەناڵە ئاسمانییەکان جگە لە ئاڕاستەکردنی پەیام و بابەت و زانیاریەکان وێنە و دەنگ و وشە و ڕەنگ و جوڵە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە توانای کۆنترۆڵکردنی هەستی بینین و بیستن و هەست و سۆزی وەرگری هەیە بەبەراورد بە ڕادیۆ و ڕۆژنامە، ئەمەش وادەکات زیاتر سەرنج ڕاکێشتربێت و کاریگەریەکەی زۆر زیاتر بێت لەسەر هزر و ڕەفتاری جەماوەر بەبەراورد بە ئامڕازەکانی تر.

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە کۆمەڵگاکان کەناڵە ئاسمانییەکان، بوونەتە ئامڕازێکی کاریگەر لەناو کۆمەڵگا، کاریگەرییەکی بەرچاوی بەتایبەتی لەسەر ژیانی گەنج و خوێندکارانی ئەمڕۆ لە پرۆسەی خوێندن بە گشتی هەیە، ئامانجی کەناڵە ئاسمانییەکان دروستکردنی کاریگەریە لەسەر وەرگرە بەوەی باوەڕی پێ بهێنێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئامانجەی کەناڵەکە بەدوایدا دەگەڕێت، چەکێکی دووسەرە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لە خۆدەگرێت، واتە سوود و زیانی هەیە لەهەمان کاتدا، بۆیە دەکرێت کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکانی کەناڵەکەش دابەش بکرێت بۆ کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی

## کاریگەرییە ئەرێنییەکان:

کەناڵە ئاسمانییەکان لە ڕێگەی پەیامەکانیانەوە کاریگەری ئەرێنی زۆریان لەسەر کۆمەڵگە هەیە، یەکێکن لە گرنگترین ئامڕازەکانی جەماوەری لە جیهان، بوونەتە بەشێکی گرنگ لە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەنێوان تاکەکان، هەروەها ئاشنابوون بە کەلتووورە جیاوازەکانی جیهان و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تر، لە زۆر ئاستدا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە، بیرۆکەکان بە تاک دەبەخشێت، یارمەتی شێوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکان دەدات، کاریگەری لەسەر هەستەکان هەیە.

هەروەها کەناڵەکان ڕۆڵیان هەیە لە کارلێککردن و پەیوەندی ڕاستەوخۆ، کاریان کردووە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامە گفتوگۆیەکان لەسەر بنەمای پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەردا کە تاک دەتوانێ بیرۆکەکانی بخاتەڕوو و دەنگی خۆی ببیستێت و ئازادانە ڕای خۆی دەربڕێت، هەروەها بەرزکردنەوەی بەهاکان، زۆرێک لەکەناڵە ئاسمانییەکان کاردەکەن بۆ بەرزکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکانی بینەر، ڕەخنە لەخۆگرتن و گۆڕانکاری، کەناڵە ئاسمانییەکان بەشدارییان لە جۆرێک لە هۆشیاریی و پەیوەندی تاکەکەسی لەگەڵ ئەوانی تردا کرد کە ئەمەش وای لێکرد خۆی بەرزبنرخێنێت، بووە هۆی ڕێزگرتن لە بیروڕاو و قبوڵکردنی کەسانی تر لەلایەن تاکەوە، ئەو بابەتانەی لەکەناڵەکان پێشکەش دەکرێت، ڕەنگە وا لە تاک بکات هەمواری بیروڕا و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی خۆی بکات، هەوڵی گۆڕانکاری بدات لەپێناو باشترکردنی ژیانی.

## کاریگەرییە نەرێنییەکان:

هەرچەندە کەناڵە ئاسمانییەکان چەندین کاریگەری ئەرێنییان لەسەر کۆمەڵگە و گەنجان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا کاریگەری نەرێنی و خراپیشیان هەیە، لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەی کە ناوەڕۆکەکانیان بریتییە لە توندوتیژی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕەفتار و لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

کەناڵە ئاسمانییەکان کۆمەڵێک کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر کۆمەڵگە، بەتایبەتی لەسەر گەنج و خوێندکاران کە دیارترینیان بریتیە لە:-

-هاندانی هەرزەکاران بۆ لاسایکردنەوەی مۆدێلی ڕۆژئاوایی و وازهێنان لەبەها کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانکاری لەپەیوەندی خێزانیدا.

-بەدواداچوونی گەنجان بۆ بەرنامە جۆراوجۆرەکانی کەناڵەکان زۆر جار بابەتی بێ بنەماو مەترسیدار لەناوەڕۆکی پەیامە میدیایەکان ڕەنگدەداتەوە، وەک بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی هەڵە و نیرۆکە خورافیەکان و ئاسانکردنی کەوتنە ناو چەندین تەڵەی زیانبەخشەوە.

-کاریگەری نەرێنی کەناڵە ئاسمانییەکان لەسەر گۆڕینی زمانی دایک، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی زنجیرە دراما بیانییەکان.

-لادانی ڕەفتار و لەنێو گەنجان و هەزرەکاران بەبینینی ئەو ڕەفتارانەی لە کلیپ و زنجیرە درامابیانییەکان بەرچاو دەکەوێت، کە دەبێتە هۆی لاساییکردنەوە لەلایەن گەنجان، کە لاسایکردنەوەی ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانە لەوانەیە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگاکەی نەگونجێت.

دیاردەی ئالوودەبوون بەکەناڵەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە و بڵاوبۆتەوە بۆ هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ئەوەی بەدەربێت لە منداڵ، دایکی دەبێخاتە بەردەم شاشەی کەناڵەکان کە زیانێکی زۆری هەیە، هەروەها بەساڵاچووان کە ئالوودەی کەناڵەکان بوون، واتە بووەتە ژیانی دووەمی تاک، توێژینەوە رۆژئاواییەکان ئەوەیان ئاشکراکردووە سەیرکردنی تەلەفزیۆن بۆ ماوەی شەش کاتژمێر لەلایەن تاکێکەوە دەبێتە هۆی ئالوودەبوونی تاکەکان بەم ئامرازە، ئەم ئالوودەبوونەوەش دەبێتە دەبێتە هۆی پچڕانی کارلێکێکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر لاوازکردنی پەیوەندییە خێزانییەکان دەبێت، سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری بووە هۆی کەمبوونەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دواتر و دەرکەوتنی تەلەفزیۆن و دەرکەوتنی سایتەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و قوڵبوونەوە لێیان زیاتر بووە هۆی لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بێگومان ئەمە بووە هۆی ئەوەی زنجیرەیەک کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی تاک دروست بێت لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیدا و حەز بە گۆشەگیری بکات و زۆربەی کاتەکانی بەم ئامرازەوە بەسەر بباتت، هەروەها لاوازکردنی رۆڵی سەرکردەکانی بیرورا لە کۆمەڵگە، لەم دواییانەدا رۆڵی ئەوکەسانە کەم بۆتەوە و بووەتە ئەرکی ڕێکخراوە میدیاییە گەورەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرەکانی تر لە سەرکردەکانی بیرورا.

### بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کەناڵە ئاسمانییەکان:

فەلسەفەی تیۆری بەرپرسیارێتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هاوکات لەگەڵ ئازادی کاری ڕاگەیاندن جەخت لەسەر ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەبەرامبەر کۆمەڵگەکانیان دەکاتەوە و شەش پرەنسیپی سەرەکی بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان دەخاتەڕوو.

**یەکەم**- پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەست بە بەرپرسیارێتی لە خستنەڕوو و روونکردنەوەی ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگە، هەروەها ڕێز لە داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە بگرن.

**دووەم**- نابێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن درۆ هەڵبەستن بەڵکو دەبێ جیاوازی بکەن لەنێوان گەیاندنی ڕاستییەکان و دەرونی بیرورا و بۆچوونەکان، هەروەها خەڵک ئازادن لەوەی چی کەناڵێکی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن و لەبەرامبەردا دەبێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کۆمەڵگەکانیان لە نوێترین و ڕاسترین و زۆرترین و وردترین ڕووداوەکان ئاگاداربکاتەوە.

**سێیەم**-کەناڵەکان نابێ جیاوازی بکەن لەنێوان چین و توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، بەڵکو دەبێ بەیەکسانی و بەشێوەیەکی بابەتییانە وێنەی کۆمەڵگە پیشان بدەن و هەموو پێکهاتە و گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە خۆیانی تیا ببیننەوە.

**چوارەم**- پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پابەندبن بە پێدانی زانیاری ڕاست و دروست بە خەڵک بەشێوەیەکی رۆژانە و خەڵک ئازادبن بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان.

**پێنجەم**- نابێ سانسۆر بخرێتە سەر کەناڵەکان، تەنها ویژدانی پیشەی رۆژنامەوانی سیاسی خۆیان ئاراستەیان دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی حکومەت نابێ کۆنترۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکات، بەتایبەتی ئەو کەناڵانەی خاوەنەکانیان کەس و دامەزراوەی ئەهلی و تایبەتن.

**شەشەم**- دەبێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ببنە سەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا و ڕەخنە و پێشنیازەکان و ڕێگەبدەن بۆ بڵاوبوونەوەی ڕاجیاوەزەکان و هەموو بۆچوونە گرنگەکان، ئەوانەی لەگەڵیدان و هەروەها ئەوانەی ناکۆکن و بیروڕاکانیان لەگەڵیان ناگونجێن بخەنە ڕوو بەبێ جیاوازی.

### شیکاریی چەندایەتیی ناوەڕۆکی هەواڵەکان و تاوتوێکردنیان

لەڕێگەی خستنەڕووی داتا و زانیاری ناوەڕۆکی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی NRT TVو AVA MEDIA، شێوازی بڵاوکردنەوەیان، ئاستی گرنگیپێدانیان کامیان زیاترە، چ بابەتێک جێگەی بایەخە و زۆرترین هەواڵی لەسەر بڵاودکرێتەوە لەڕووی ناوەڕۆکەوە، لەڕێی بەکارهێنانی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکەوە لە جۆری(چەندایەتی)ەوە بەرجەستە دەکرێت.

**یەکەم:**لەم بڕگەیەدا: ناوەڕۆکی هەواڵەکان پۆلێنکراون، کە لە (11) جۆری جیایا پێکهاتوون و لە هەواڵەکاندا گرنگیان پێدراوە، هەروەها لەدەستەکانی شیکردنەوەشدا پێناسەکراون و ڕونکراوەتەوە،لەم خشتەیەدا دەخرێتەڕوو:

**خشتەی (1)**

**هەواڵە بڵاوکراوەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە**

| ناوەڕۆکی هەواڵەکان | NRT TV | | پلەبەندی | AVA MEDIA | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | | چەندبارە | ٪ | |
| کۆمەڵایەتی | 175 | 29.9 | 1 | 189 | 30.3 | 2 |
| سیاسی | 122 | 20.8 | 2 | 203 | 32.6 | 1 |
| ئابووری | 115 | 19.6 | 3 | 102 | 16.4 | 3 |
| کشتوکاڵ | 14 | 2.5 | 8 | 15 | 2.4 | 7 |
| سەربازی | 19 | 3.2 | 6 | 20 | 3.2 | 5 |
| گەشتیاری | 5 | 0.8 | 10 | 5 | 0.8 | 10 |
| تەندروستی | 18 | 3.1 | 7 | 16 | 2.6 | 6 |
| ژینگە | 11 | 1.9 | 9 | 8 | 1.3 | 9 |
| کەشوهەوا | 24 | 4.1 | 5 | 25 | 4 | 4 |
| هونەری | 2 | 0.3 | 11 | 3 | 0.5 | 11 |
| وەرزشی | 5 | 0.8 | 10 | 2 | 0.3 | 12 |
| تاوان | 38 | 6.5 | 4 | 10 | 1.6 | 8 |
| کات بەسەربردن | 38 | 6.5 | 4 | 25 | 4 | 4 |
| **کۆی گشتی** | **586** | **100** | | **623** | | |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (1)ی هەواڵە بڵاوکراوەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، کەناڵی NRT TV بە پلەی یەکەم گرنگیداوە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵە کۆمەڵایەتییەکان کە خۆی لە ئەنجامدانی ژانرەکانەوە دەبینێتەوە و لەو ڕێگەیەوە چۆتە ناو خەڵکەوە زۆرترین دەنگی خەڵکی گواستۆتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەناڵەکە زیاتر وەک ئۆپۆزسیۆن کاردەکات و دەیەوێت دەنگی ناڕازی لە شەقامدا کۆبکاتەوە و دەنگیان بگەیەنێت کار لەسەر وروژاندنی جەماوەر دەکات لەو ڕێگەیەوە ڕەخنە لە سیاسییەکان و دەسەڵاتدارەکان دەگرێت، بۆیە لە هەواڵەکانی سەعات(8) کەناڵەکە کەمترین جار هەواڵی وەرزشی و هونەری بڵاوکردۆتەوە، هەرچی دەربارەی کەناڵی AVA MEDIAیە زۆربەی هەواڵەکانی کە لەسەعات(7) بڵاویکردۆتەوە تایبەتە بە

هەواڵی سیاسی و کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی و دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە زۆربەیاندا کارەکانیان لەچاوی بینەردا گەورەکراوە و سەرەڕای قەیرانی دارایی و دابەشنەکردنی مووچە، بەڵام ئەمان بە پرۆژەی دیکە وەک رووناکی و ئاو کارەکانی کابینەکە گەورە دەکەن، کە بەپێی بەدواداچوونەکانی من و بینی هەواڵەکانیان لەم ماوەیەدا کەمترین ڕەخنە لە دەسەڵاتداران کابینەی نۆیەم گیراوە و بەتایبەت زۆنی زەرد، بەڵام فۆکەسیان خستۆتە سەر زۆنی سەوز و دەسەڵاتدارەکانیان و ڕەخنە لە نەبوونی پرۆژە دەگرن و کێچێک دەکەن بە گایەک وەک کوردەواری دەڵێت، بە پلەی دووەمیش هەواڵی کۆمەڵایەتی دێت کە تەنانەت گیروگرفتی خەڵکیش بڵاوبکاتەوە بەشێوازێک دەبێت کە ڕەخنە لە دەسەڵاتدارانی کابینەی نۆیەم نەگرێت و بەتایبەت لەخوودی سەرۆک وەزیران هەربۆیە هەواڵەکان بە ئاقارێکی تردا دەبەن وەک دەستخۆشی و پیشاندانی هاوکاری کۆمەڵایەتی لەرێگەی ڕێکخراوەکانیانەوە، بەهەمان شێوەش وەک کەناڵی NRT TV کەمترین گرنگیان بەهەواڵەکانی وەرزشی و هونەری داوە کە وادیارە گەشتی تایبەتیان هەیە دەربارەی ئەو دوو بابەتە و کە بەلای چینەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە گرنگ و تایبەتە.

**خشتەی(2)، پشت بەستن بە سەرچاوە.**

بەپشتبەستن بە شیکاریەکان و سەیرکردنی هەردوو کەناڵ لەم خشتەیەدا شێوازی پشت بەستن بەسەرچاوەکان ڕووندەکەینەوە، کە سەرچاوەکان بە کۆڵەکەی دەستکەوتنی هەواڵ لەلایەن دەزگاکان و ئاژانسەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەزانرێت بۆیەوە بە گرنگیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**خشتەی (2)**

**پشت بەستن بە سەرچاوە**

| سەرچاوەکان | NRT TV | | پلەبەندی | AVA MEDIA | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | | چەندبارە | ٪ | |
| پەیامنێر | 212 | 36.2 | 1 | 185 | 29.7 | 2 |
| ئاژانسەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن | 165 | 28.2 | 2 | 197 | 31.6 | 1 |
| وتەبێژی دامەزراوە حکومییەکان | 64 | 11 | 3 | 69 | 11,1 | 3 |
| دەزگا ئەمنییەکان | 6 | 1 | 8 | 25 | 4 | 5 |
| هاولاتی | 62 | 10.6 | 4 | 62 | 10 | 4 |
| بێ سەرچاوە | 16 | 2.7 | 7 | 23 | 3.7 | 6 |
| بەڵگەنامەکان | 1 | 0.1 | 9 | 5 | 0.8 | 10 |
| کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی | 18 | 3.1 | 6 | 20 | 3.2 | 8 |
| چاوپێکەوتن و پەیوەندی تایبەتی | 36 | 6.1 | 5 | 22 | 3.5 | 7 |
| سۆشیال میدیا | 6 | 1 | 8 | 15 | 2,4 | 9 |
| **کۆی گشتی** | **586** | **100** | | **623** | **100** | |

لە خشتەی (2)، بۆمان دەردەکەوێت کە کەناڵی NRT TV بەپلەی یەکەم پشت بە پەیامنێر دەبەستێت لە بەدەستخستنی هەواڵ و زانیاریدا بەوپێیەی کەناڵەکە زۆرترین توانای خۆی خستووەتە گەڕ بۆ پەیامنێرەکان و بۆ چوونە نێو شارەکان گواستنەوەی زۆرترین ڕووداو و قسەی خەڵک دەربارەی دۆخی ژیانیان و ئەو کات و بارودۆخەی تیایدا بەرێی دەکەن، کە زیاتر کاری پەیامنێرەکانیان مەیدانیە کەمترین جار پشت بە هەواڵساز دەبەستن تەنها لەو کاتانەی کە هەواڵەکان تایبەتن بە دەرەوە و ئاژانسەکان و دەزگاکانی دیکە بڵاوی دەکەنەوە و ئەمانیش وەری دەگرن، هەروەها ئەوەی لە ڕیزبەندی کۆتاییدایە بەڵگەنامە و ئەرشیفە کە لەو ماوەیەدا تەنها یەکجار کەناڵێکە پشتی پێبەستووە، هەرچیٚ دەربارەی کەناڵی AVA MEDIA لەگەڵ ئەوەی ژمارەی پەیامنێرەکانیان زۆرە و تواناشیان هەیە بەڵام بەهۆی بڵاونەکردنەوەی ڕاپۆرت لەکاتی گەشتی سەعات (7)دا ڕێژەی پشت بەستنیان بە پەیامنێر کەمترە لە کەناڵی NRT TV کە لەپلەی دووەمدا دێت لەگەڵ ئەوەی ئەگەر دەربارەی هەرێمی کوردستان و عێراق بێت سەرچاوەی هەواڵەکانیان پەیامنێرە بەڵام بەهۆی قسەکردنی بێژەر لەکاتی گەشتەکاندا ئەوا پشت بەستنیان بە پەیامنێر کەمترە، لە ڕیزبەندی یەکەمدا کەناڵی AVA MEDIA زیاتر پشت بە دەزگاکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی دەرەوە و ناوخۆشدا هەروەها وتەبێژ و سەرکردەکانی حکومەت بەپێی ئەوەی کەناڵەکە لە دەسەڵاتەوە نزیکە یەکێکن لەو سەرچاوانەی کە کەناڵەکە زۆر پشتی پێدەبەستێت، بەهەمان شێوەی کەناڵی NRT TV کەناڵەکە کەمترین جار پشتی بە بەڵگەنامەکان بەستووە و لەڕیزبەندی کۆتاییدا دەمێنێتەوە وەک سەرچاوەکان، کە ئەوەی گرنگە لای هاوڵاتی سەرچاوەی بڕواپێکراوە نەک قسەکردنی تایبەتی و تێکەڵکردنی بیرو بۆچوون کە زۆر جار بێژەری هەواڵەکانی AVA MEDIA دەکەوێتە هەڵەوە قسەکانی تێکەڵ بەهەواڵ دەکات کە ئەمەش لەو ڕووە دەکەونە هەڵەوە جەماوەر پشت بە کەناڵەکان نابەستێت و متمانەی وەرگر بە دەزگاکانی میدیا کەمتر دەکاتەوە.

**خشتەی(3)، پابەندبوون بە بنەماکانی ئاکاری ڕۆژنامەوانی:**

بنەماکانی ئاکاری ڕۆژنامەوانی پایەیەکی گرنگی بواری میدیان لە جیهاندا کەدەبێتە هۆی ڕاگرتن و بڵاونەکردنەوەی هەندێک هەواڵ کە کاریگەری لەسەر تاک و خێزان و تێکنەدانی ئاسایشی نیشتیمانی و خراپ ئاڕاستەنەکردنی خەڵک بۆ تاوان و هەروەها تێکچوونی شیرازەی خێزان و چەندەها هۆکاری خراپی دیکە کە لەم خشتەیەدا هەوڵمداوە بنەماکان بەشێوازێکی زانستی ڕێکبخەین و لەرێگەی شیکردنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵەکاندا ڕووونبیکەینەوە تا چەند ئەم دوو کەناڵە پابەندن بە بنەماکان.

**خشتەی (3)**

**هەواڵە بڵاوکراوەکان و پابەندبوون بە بنەماکانی ئاکاری ڕۆژنامەوانیەوە**

| ناوەرۆکی هەواڵەکان | NRT TV | | پلەبەندی | AVA MEDIA | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | | چەندبارە | ٪ | |
| بەرپرسیارێتی | 61 | 10.4 | 1 | 45 | 7.2 | 3 |
| ڕاستگۆیی | 47 | 8.2 | 2 | 51 | 8.2 | 2 |
| پاکێتی | 0 | 0 | 7 | 0 | 0 | 8 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دادپەروەری و هاوسەنگی | 4 | 0.7 | 5 | 10 | 1.7 | 6 |
| تێکەڵنەکردنی هەواڵ لەگەڵ بیرو بۆچوون | 5 | 0.9 | 4 | 20 | 3.2 | 5 |
| بابەتیبوون | 0 | 0 | 7 | 4 | 0.6 | 7 |
| جیاکاری | 0 | 0 | 7 | 24 | 3.8 | 4 |
| بێلایەنی | 32 | 5.5 | 3 | 52 | 8.3 | 1 |
| ئەمانەت پارێزی | 0 | 0 | | 0 | 0 | 8 |
| ڕێزگرتن لە کەرامەت و ناوبانگی مرۆڤ | 3 | 0.5 | 6 | 5 | 0.8 | |

لە خشتەی (3)، ڕونکراوەوەتە بەپێی چاودێریکردنی کەناڵەکان و شیکردنەوەیان لەڕووی ناوەڕۆکەوە، کەناڵی NRT TV زۆرترین لادانی هەبووە لەلادان لە بنەماکانی ئاکاری میدیای کە بەپلەی یەکەم بەرپرسیارێتییە کە کەناڵەکە بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی زۆرێک لەهەواڵەکانی بڵاوکردۆتەوە گوێی نەداوەتە ئەوەی چی ڕوودەدات لە پشت هەواڵەکانەوە و تۆمەتبارکردن و ناوزڕاندنی بەهۆی لایەندارێتی کەناڵەکەوە بۆ لایەنێکی سیاسی پێوە دیارە، هەرچی کەناڵی AVA MEDIAیە بەهۆی نزیکیان لە دەسەڵات و پشتبەستن پێیان بێلایەنی لەدەستداوە زۆربەی هەواڵەکانیان لە پێناو جوانکردن و باش نیشاندانی کابینەی نۆیەمی حکومەتە سەرەڕای نەبوونی مووچە و خزمەتگوزارییەکان، بۆیە هەردوو کەناڵەکە بەهۆی لایەندارێتییان بۆ لایەنێکی سیاسی لە بنەماکان لادەدەن و بێلایەنی لەدەستدەدەن کە ئەمە هۆکارە بۆ دوورخستنەوەی بینەر لەکەناڵەکان و نەمانی متمانەی بینەر بە میدیاکان.

### دەرئەنجامی شیکاری ناوەڕۆکی پابەندبوونی کەناڵەکانی NRT TV و AVA MEDIAلە هەواڵەکانیاندا:-

1. کەناڵەکان پابەندی پرەنسیپەکانی ئاکاری ڕۆژنامەوانی نین لە هەواڵەکانیاندا.
2. کەناڵەکان ڕەچاوی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییان نەکردووە.
3. کەناڵەکان بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندی جەماوەر.
4. کەناڵەکان تاڕادەیەک ڕۆڵیان گێڕاوە بۆ پێدانی زانیاری دروست بەڵام ناوزڕاندن و دەرچوون لەبەها کۆمەڵایەتییەکان زۆر دەبیندرێت لەهەواڵەکانیاندا.
5. چەند بەربەستێک وایکردووە کە کەناڵەکان پابەندی ئاکاری ڕۆژنامەنوسی نەبن لەهەواڵەکانیاندا، لەوانە:
   1. سیاسەتی بەڕێوەبردنی پشتی دەزگایی میدیای کەوایکردووە لەبەرژەوەندی خۆی هەواڵەکان بڵاوکاتەوە.
   2. پەلەکردن بۆ خێرا بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بەمەبەستی ڕکابەریکردن لەگەڵ کەناڵەکانی دیکەدا
   3. نەبوونی کەسانی ئەکادیمی لە نێو دەزگاکاندا.
   4. پەیوەستبوون بە خواستەکانی جەماوەر.
   5. دەرهاویشتەی خراپ لە ئەنجامی پابەندنەبوونی کەناڵەکان بە ئاکاری ڕۆژنامەوانی لە هەواڵەکانیاندا دروستدەبێت ئەوانیش بریتین لە:
      1. لەدەستدانی متمانە لە نێو جەماوەردا بە میدیاکان کە دواتر بڕوابوونیان بە میدیاکان کەمدەکاتەوە.
      2. دروستکردنی کاریگەری خراپ بە بڵاوکردنەوەی هەندێک هەواڵی ترس و توندوتیژی و شڵەژانی دەروونی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا.
      3. کاریگەری درێژخایەن دروستدەکات لەسەر ناوی پیشەیی ڕۆژنامەنووسی لەڕوی ئەخلاقی پیشەیی و ڕاستگۆییەوە.
      4. زۆرجار گەورەکردنی هەندێک هەواڵ لە بەرژەوەندی سیاسییەکان و بارزگانەکاندا دەبێت، بۆیە لەبەر نەبوونی یاساکانی سزادان، زانیاری ساختە بە ئاسانی بڵاودەبێتەوە.

## سەرچاوەکان

### کوردی

ڕەسوڵ، د. هێرش، 2013، ئێتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.
وەسمان، محمد، 2011، لەبارەی ئێتیکی میدیاکاری، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری.
سەپان، د. مەغدید، 2015، بنەماکانی ئێتیک و ئێتیک لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، تاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە.
عومەر، هاوژین، 2012، ئێتیکی کاری ڕۆژنامەوانی، هەولێر، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی.
زوبیان، د.سامی،2008، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژانە و ڕاگەیاندن، و. مەم بورهان قانع، سلێمانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
ڕەسوڵ، د. هێرش، 2017، ڕاگەیاندن و ڕاستگۆیی، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.
عەلی، بەهرۆز ،2018، هونەری هەواڵ نوسین، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.
جاف، ئەمیرە عەبدوڵا، بەرواری سەردانکردن 2025/4/1، بەها ئەخلاقیەکانی کارەی ڕاگەیاندن، Penus، 2018/4/2،
https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/336-
ئەیوب، خالد ئەبوبەکر، ' هەواڵ و هەواڵنووس لە کورتە باسێکدا"، گۆڤاری ڕۆژنامەوانی ،ژمارە 10، 2003.
مەحمود، هۆشیار ئەحمەد، 2024، شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵی تەناهی لەماڵپەڕە کوردیەکان،نامەی ماستەر بڵانەعیم بەدیعی و حسێن قەندی،2010، ڕۆژنامەوانی مۆدێرن، و. بەهادین محەمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
لینت شێریدان بێرنس، 2012، تێگەیشتن لە ڕۆژنامەوانی، و. گوران سەباح،چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
نەجات روستی، 2009، میدیای هەواڵ و ڕاپگشتی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.
ئەلبرت ل.هستر- وای لان ج. تو، 2007، ڕاپەری ڕۆژنامەنووس لە جیهانی سێهەمدا، و. حەسەن عەبدولکەریم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراسونەکراوە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.
لەتیف، دیدار لەتیف،2020، کاری تەلەفزیۆنی(هەواڵ، بەرنامە، بێژەریی)، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.
ساڵح، مەجید، 2025/4/10، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، 2020/1/24، https://chmk.org/ku/media-and-social-responsibility/.

### عەرەبی

بدوي، عبدالرحمن، 1976، الأخلاق النضرية، الطبعة الثاني، وكالة المطوبعات.
صدقة، د. جورج، 2008، الأخلاق الاعلامية بين المبادئ و الواقع، بيروت، الطبعة الأولى، مؤسسة محارات.
حنان، يوسف، تاريخ الوصول2025/3/28، أخلاقيات المهنة ومواثيق الشرف الإعلامية،تاريخ النشر 2007/10/24، تراسنبرينسي،
https://www.transparency.org.kw.au-

ti.org/books/www.transparency.org.kw.au-
. ti.org/ar/index.php/books/good-governance/530/index.html

درويس جرابر و اخرون، 2004، سياسة الاخبار و اخبار سياسة، القاهرة، الطبعة الاولى، مكتبة الشرق الدولية.

الخيون، حارث، 2009، دور الحيادية في الإعلام، العراق، الطبعة الاولى، بحوث المنشورة(مركز انور للدراسات).

شريف، عبدالعزيز خالد، 2014، اخلاقيات الاعلام، عمان، الطبعة الاولى، دار يافا العلمية للنشر.

صالح، سليمان، 2005، اخلاقيات الاعلام، الكويت، الطبعة الثاني، مكتبة الفلاح للنشر و التوزيع.

حمزه، ياسمين حمزه، 2025/2/15، خبر صحفي قصير جدا، محتويات، نشر في 2024/11/10، https://mhtwyat.com/%d8%ae%d8%a8%d8%b1-%d8%b5%d8%ad%d9%81%d9%8a-%d9%82%d8%b5%d9%8a%d8%b1-

وقاد، روابي وقاد، 2025/2/26، كيفيةكتابةالخبرالصحفي، الكتابة الفنية، نشر في 2023/10/4، https://ketabafaniyya.com/m/%D9%83%D9%8A%D9%81%D9%8A%D8%

النعيمي، أ.محند سليمان، 2017، ألف باء تاء صحافة، بحرين، نشر شخصي للمؤلف.

وتوت، محمد صالح، 2004، "الخبر الصحفي"، مجلة أهل البيت1.

ربيع، الدكتور عبدالجواد سعيد محمد، 2005، فن الخبر الصحفي، الطبعة الاولي، القاهرة، دار الفجر للنشر و التوزيع.

احمد، محمد عبدالمحسن، 2022، معالجة صحافة الأنفو جرافيك بالمواقع الألكترونية لأحداث الرياضية، دراسة حالة لبطولة كاس العام لكرة القدم، القاهرة، جامعة بني سويف، مجلة بني سويف لعلوم التربية البدنية و الرياضة، المجلد سادس.

كارول ريتج، 2002، كتابة الاخبار و التقارير الصحفية، ت. عبدالستار جواد، الطبعة الاولى، الأمارات، دار الكتاب الجامعي.

البدراني، فاضل محمد، 2015، أسس التحرير الصحفي و التلفزيوني و الألكتروني، الطبعة ألاولى، القاهرة، دار الكتاب الجامعي.

أنمار، وحيد فيضي، 2016، التغطية الإخبارية في الصحافة الألكترونية، الطبعة ألاولى، عمان، دار أسامة للنشرة التوزيع.

نجاعي، سامية، 2021-2022، القيم الأخبارية في الصحافة الألكترونية الجزائرية – دراسة تحليلية مقارنة بين صحفيتي النهار و الشعب الألكترونيتين، بسكرة، الجزائر، جامعة خيزر.

حسين، محمد صاحي، 2006، عادات و انماط تعرض جمهور مدينة بغداد للبث التلزيوني الفضائي، عراق، اطروحة دكتوراه، الكلية الاعلام، القسم الصحافة في الجامعة بغداد.

المبرز، ابراهيم حمد، 2011، القنوات الفضائية وتأثيرها على منضومة القيم الاجتماعية لدى طلاب المرحلة الثانوية العامة بمدينة الرياض، السعوية، رسالة ماجستير، قسم الإجتماع بكلية العلوم الإجتماعية، جامعة الإمام محمد بن سعود.

بيرغر، أرثر أسا، 2012، وسائل الإعلام والمجتمع وجهة نضرية نقدية، الكويت، الطبعة الاولى،عالم المعرفة، الناشر المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الأداب.

عزي، عبدالرحمن، 2013، دراسات في نضرية الاتصال، نحو إعلامي متميز، بيروت، الطبعة الثاثة، مركز دراسات الوحدة العربية.

بورديو، بيار، 2004، التلفزيون واليات التلاعب بالعقول، السورية، الطبعة الاولى، دار الكنعان للدراسات و النشر و الخدمات الإعلامية.

خريسان، باسم علي، 2001، العلومة و التحدي الثقافي، بيروت، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي للطباعة و النشر.
عزي، عبدالرحمن، 2013، دراسات في نضرية الاتصال، نحو إعلامي متميز، بيروت، الطبعة الثاثة، مركز دراسات الوحدة العربية.

## ئینگلیزی

Davies, Frank, 2008, Public Relation and Journalism: Truth, Transprency Integrity, published research,, Lincoln, U.K, University of Lincoln.

Macneil, New York, 1955, The Education of Journalism,: Macmilan Company.